


# کۆنفرانسی ئەمسالی ریکخراوی بەریتانیای حیزب لەپیناو

# " بریاری مقاتەعەکردنی هەلّ بژاردن " و "هەولدان بۆ رزگاری خەلّکی عیراق لەدەست داگیر کاری وگیرانەوە مەدەنیت" و" سەلماندنی مافی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، سەرکەوتوانە بەریوەچوو

رۆژانی 11و12-12-2004 رێکخراوی بەریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، بەئامادەبوونی ئەندامان و ریکخستنەکانی خۆی لەشارەکانی بیرمنگهام، وەلڤەرهامتن، ستۆك ئۆن ترینت، هال، مانچستەر، لیستەر، نۆتین هام.. وهاوکات بە بەشداری هەیئەتیك لە لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کە پیك هاتبوون لە هاوریان، خەسرەوسایە، محسن کەریم، نادیە محمود، ئاسۆ کەمال، و نوینەرانیك لە ریکخراوی بریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران_ حیکمەتیست و ژمارەیەك لەمیوانەکان کۆنفرانسی سالانەی لەبەرنامەیەکی دوورۆژەدا بەست.

بەرنامەکانی رۆژی یەکەم، سەرەتا بەسرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەك راوەستان و بیدەنگی بۆ گیانی هاوریانی گیان بەختکردوو، کۆنفرانس بەرنامەی کاری خۆی کردەوە و پاشان لەلایەن هاوری دەشتی جەمالەوە ووتاری کردنەوەی کۆنفرانس پیشکشەکرا. دواتر لیژنەی بەریوەبردنی کارەکانی کۆنفرانس لە هاوریان سازان سالح، پرشنگ ئەحمەد، محسن کەریم، بورهان فەتاح، دەشتی جەمال هەلبژیردرا و ئەوانیش ئایننامە و دەستوری باسەکانی کۆنفرانسیلن بەپەسەندکردنی کۆنفرانسەکە گەیاند. بەدوای ئەمەشدا هاوری خەسرەوسایە بەنوینەرایەتی هاوری ریبوار ئەحمەد ووتەیەکی پیشکەش بە کۆنفرانس کرد، وبەدوای ئەویشدا هاوری دایانا نامی پەیامی ریکخراوی بریتانیای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران_ حیکمەتیستی خۆیندەوە و ئەوجا ئاماژە بەلیستی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتیانە درا کە پەیامیان بۆ کۆنفرانسەکە لیدابوو، لەوانەش:




پەیامی یەکیتی کرێکاری پەیوەندی یەکانی بەریتانیا(CWU)، یەکیتی کرێکاری (PCS)، رێکخراوی رزگاری کریکار، نامەی گاری بیل لەرفیوجی کەنسل، نامەی جۆن پیرسن لە پلاتفورمی دیمکراتی بەرەی سۆسیالستەکان ،نامەی نیکۆ گروپی چەپی فەرەنسی و ئیڤا هەلسوراوی پشتیوانی لەبزووتنەوەی کریکاری عیراق.

لەبەشیکی تری بەرنامەکانی یەکەم رۆژی کۆنفرانسدا پانیلیك بۆ هاوریان (خەسرەو سایە، ئاسۆ کەمال، محسن کەریم) سازدارا کە تایبەت بوو بۆ رۆشنای خستنەسەر سیاسەت ولیکدانەوەکانی ئەم دەرەورەیەی حیزب لەبەرامبەر بارودۆخی ئیستای عیراقدا و لەمبارەشەوە پانیلەکە ئاماژەی بەهەلّ ومەرجیکدا کەراستەخۆ ئەرکەکانی ئیستای حیزب بۆ مقاتەعەکردنی هەلّ بژاردن و پێك هینانی رێکخراوەیەك بۆ رزگاری خەلّکی عیراق لەدەست داگیر کاری وگیرانەوەی مەدەنیت و مافی بەرپاکردنی ریفراندۆمیك بۆ سەربەخۆیی بۆ کوردستان .. دەکاتە ئەولەویان و ئەرکەسەرەکیەکانی کاری حیزب لەنیو ئەم هەلومەرجانەدا وبەم پیەش سەرنجی کۆنفرانس وهاوریانی ئامادەبووی بۆ کارکردن و لەدەستگرتنی کۆمەلەی ئەو ئەرکانە راکیشا کە بەهۆیانەوە حیزب و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری لەنیو سیناریۆیەکدا کە جەنگی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی بەسەر خەکی عیراقەوە دایان سەپاندووە، دەگەیەنیتە مەنزلگای دەسەلات و بردنی خەلکی عیراق بەرەو دامەزراندنی حکومەتی دلخوازی خۆیان. پانیلەکە بەدوای 3کاتژمیر لە قسەوباس و موداخەلەو پرسیاری هاوریان و ئامادەبووان توانی ئاسۆی هەرچی زۆرتر جیهەتی

کاری داهاتو و ئەرکەکانی حیزب بەرۆشنیەوە بنیتە بەرپێی کادران و ئەندامانەوە.  دوابەشی کۆتایی بەرنامەکانی رۆژی یەکەمی کۆنفرانس تایبەت بوو بە گیرانی ئاهەنگیك کە ئامادەبووان تیایدا بەشدارییانکرد.

لەرۆژی دووەمدا بەرنامەکانی کۆنفرانس بەراپۆرتی کارو هەلسورانەکانی دەورەیی رابردووی رێکخراوی بەریتانیا و پیشکەش کردنی لەلایەن هاوری دەشتی جەمالەوە دەستی پیکرد. لەم بەشەدا بەدوای نزیك بە 3 کاتژمیر قسەوباس و مەشوەرت و خستنەرووی رەخنەو باری سەرنجی ئەندامانی کۆمیتەی پیشوو وە بەرپرسیارانی شارەکان لەسەر نوقتە قوەت وە کیشەکانی خۆیان، چەندین بۆچوونی دروست و پیشنیاری نوی بۆ کاری ئایندەی رێکخراوی بەریتانیا هاتە




کایەوە کە کۆنفرانس بەگەرمیەوە بەرەو پیریان چوو. هاوری یان لەگەل چوونەپیشەوەی ئەم بەشە لەبەرنامەی رۆژی دووەمی کۆنفرانسدا هاوری فارس محمود بەرپرسی رێکخراوی دەرەوەی وولات لەریگای تەلەفونییەوە لەکۆنفرانسەکەدا بەشداری کردو لەدووتوی قسەوباسیکدا لەبارەی  جیهەت گیریەکان و کاری ئایندەی حیزب لەدەرەوەی وولاتی خستە روو، پاشان لەبەر رۆشنای ئەو قسەو باسانە هاوریان دەشتی جەمال و نوری بەشیر لەسەر ئەو لەویەتەکان وکاری داهاتووی رێکخراوی بەریتانیا رۆشنایی زیاتریان خستەبەردەم ئەندامانی حیزب.

وەبەشی کۆتایی بەرنامەی کاری 2رۆژەی کۆنفرانس تەرخان بوو بۆهەڵ بژاردنەوەی کۆمیتەی داهاتووی ریکخراوی بەریتانیا وبەم جۆرەش کۆنفرانس 21 ئەندامی بۆکۆمیتەی نویی ریکخراوی بەریتانیا هەڵ بژاد کەبریتین لە هاوریان. سازان عبدول لەتیف سالح، سەوسن سەلیم، دارا محمد، ئیبراهیم محمد، ریزان نادر، ئالان سابیر، جاسم غفور، بورهان فەتاح، ئارام حمەسەعید، محسن کەریم، هۆزان محمود، سەلام سەعید، محمد عمر، نەسرین عەلی، میران سائیب، حمەداود، دلشاد نامق، ریبوارجلیل، پرشنگ ئەحمەد، دەشتی جەمال، کاروان فەتاح،..وەلەیەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیەتی نویدا بەتیگرای دەنگ هاوری دەشتی جەمال بە سکرتیری کۆمیتەی رێکخراوی بەریتانیا هەڵ بژیرا.

بەم جۆرەش کۆنفرانس بە سرودی ئەنتەر ناسیۆنال بە دوای زیاتر لە 15 کاتژمیر قسەوباسی چرووپر سەرکەوتوانە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هینا .

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق**

**رێکخراوی بەریتانیا**

**2004-12-13**